ڕۆژی کوشتنی(دوعا) پێویستە ببێتە ڕۆژی خۆشەویستی لە کوردستان..چونکە پیرۆزترە لە ڤالانتینا..
ئەی پاکیزەترین مەرگی بەخشندە.. ئەی تازەترین برینی ئەم بەهارەپڕدرۆیە .. ئەیرۆحی سپی..
تۆبە هێزتروپیرۆزتربویت لە بوون،هەربۆیەزۆربوێرانە بەرامبەردڕندەترین وەستانی بەرامبەرەکەت ئامێزت والآبووبۆعەشق، تا ئەوکاتەی گرگنەکان لە خوێندا بە نەمریان سپاردی.
ئەوانەی نەورۆزی تۆیان سوتاند ،سەریان شیشڕێژودڵیان کرمێ ورۆحیان بە تەونی جاڵجاڵۆکە تەنراوە ،بەردەوامی تروکانی مۆرانەکانی بێ ڕەحمی لە مۆخیان قرچەی باڵی هەنگەکانی مەحەبەتت بوو..
بەڵام تۆ نازانی بەم کۆچە پڕ کارەساتەت چ بورکانە غەزەبێکت خزاندەنێو شادەمارەکانی هەموو ئەوانەی ئەوەتانێ بە فلچە و قەلەم و ژێکان و هاوارەکانیانەوە جوانترین شاکارت بۆ دەچڕن.
ئەی هەناسەی بەردەوامی.. تۆ ئەنفالی عەشق و هەڵەبجەی پاکی وپێناسەی بەرائەتی..تۆ سورەتێکی تازەوقەسیدەیەکی نەمروگۆرانیەکی ڕەسەنی بۆ داهاتوو.
ئاسودەبە.. ئێمە هەموومان بەدواتەوەین..
ئەی ڕۆژی عەشق وبێگەردی..
ئەی پاکترین مەرگ وجوانترین ووشە ..
نەفرەت لە گرگنەکان وتف لە گەورەیی ..